KURDISTAN NET کوردستان نێت

# فێستڤاڵی کاچ لە لەندەن

## The Catch International Showcase

## Lyric-Hammersmith

3-4-2004

فێستڤاڵی کاچ لەساڵی چوارەمیدایە لە لەندەن کە لەلایەن مەڵبەندی شانۆی لیریکەوە ئامادە دەکرێت ئەم ساڵ داوەتێ حەوت وڵات کراون بۆ بەشداربونیان لەم فێستڤاڵەدا کە وڵاتەکان ئیتالیا، بەلجیکا، ئیسپانیا، فەرەنسا ،ئوستراليا، بەریتانیا و کوردستان بوون کە هونەرمەند رێبوار سەعید وەک هونەرمەندێکی کوردی کوردستان داوەت کرابوو ،

بابەتی فێستڤاڵی کاچ بریتیبون لە شانۆیی مۆدێرن ، پێرفۆرمەنس ، ئنستلەیشن ، دراما ،هەقایەت خوانی ، سەما، کە پرۆژەی ئەم جارەی هونەرمەند رێبوار سەعید لەم فێستڤاڵەدا بریتیبوو لە دیوارێک بەناوی دیواری وڵاتەکەم ئامادەی کردبوو کە ئەم دیوارە بە شێوازی هونەری خۆی کاری لەسەر کردبوو لە ناو ئەم دیوارەدا چوار چێوەی تایبەتی دروستکردبوو لە سەر هەر چوارچێوەیەک ئاوێنەیەکی بچوکی دانابوو بۆ ئەوەی ئەو کاسانەی دێنە سەردانی ئەم دیوارە بتوانن لەو ئاوێنەیەوە خۆیان ببین و وێنەی خۆیان لەسەر ئەم دیوارە دروست بکەن تا ئەم پۆرترێتانە ببنە بەشێک لە بیرەوەری و ئاشنابونی ئینسانەکان بەدیوارە نەناسراوو دوردەستەکانی ئەم گەردونەی کە پێویستە دۆستایەتیان لەگەڵ یەکدا زۆرتربێت نەک دوژمنکاری، بۆ ئەم پرۆژەیە تەنها پێشنیهاد کرابوو کە تەنها سەدو پەنجا کەس رەنگە ئامادەبن کار لەسەر چوارچێوە ئامادەکراوەکان بکەن بەلام لە ماوەی دورۆژدا زیاد لە هەزارو پێنج سەد پۆرترێت بونە هاورێی دیوارەکەی کوردستان.

